شەرحی عەقیدەی طەحاوی
نووسینی: شێخی دکتور: سفر عبدالرحمن الحوالی
وەرگێڕان: باوکی موحەممەد

پێشەکی شەرحی عەقیدەی طەحاوی (ئاڵقەی دووەم)

مێژووی مرۆڤایەتی لە ناسینی خوادا

خوا سبحانه وتعالی پێ داوین که ئاده می به پێغەمبەر یەك له پێغەمبەران درو ست کرد، وه نەوەکانیشي له سەر تەوحیدو یەکتاپەرستی مانەوه هەتاکو جیاوازیان تێ کەوت هەروەك ئیبن عباس خوا لێی ڕازیبێ ئەفەرموێت: { إنه كَانَ بين آدم ونوح عشرة قرون } انظر: ابن جرير: جامع البيان: (1/ 194)، وانظر أيضاً: (2/ 334) و(4/ 275) والحاكم في المستدرك: (2/ 546)، وقال: صحيح على شرط البخاري و لم يخرجاه، ووافقه الذهبي وصححه ا بن القيم في إغاثة اللهفان: (2/ 620). {لە نێوان ئادەم و نوح دا دە سەدە هەبووە } ئینجا هەر وەك لە فەرموودەی (صحیح)دا هاتووە گەلی نوح شیرکیان تیا پەیدا بووە، لەو کاتەدا بە هیچ شێوەیەك فاڵچی و جادوگەرو ساحیرەکان نەبوون؛ خوای پێغەمبەرا نی بە مژدەدەرو بێدارکەرەوە نارد تا کو بەرگری ئەو شیرك و هاوەڵگیری و ساحیرو فاڵچیا نە بکەن و نەهێڵن بڵاو بێتەوەو خەڵکی باوەڕیان پێ بێنێ، ئەوکات ئیتر خەڵکی بوون بە دوو بەشەوە:

ئیمانداره یەکتاپەرستەکان.

بێ باوەڕە هاوەڵگیرەکان.

وە ئەم شار ستانیەتانەی کە تا کو ئەمڕ ۆش ئاسار و پاشماوەکانیا ن هە ر ماوون، وەك شار ستانی فیرعەونەکان، ڕۆمەکان، گەلی هود، گەلی صالح، هەموویان وێرانبوون و لە ناوچونیان لە ئەنجامی بێباوەڕی و بە درۆ خستنەوەیان بۆوە بۆ ئەو وەحی و نیگایەی کە پێغەمبەرەکانیانی بۆیان هێناوون.

ئەم کارە گەشەکردنێکی زانستیانە نەبووە: بەوەی کە مرۆڤایەتی گەشەی کردبێت تا گەشتۆتە پۆپەی زانست ئەوجا دین، ئینجا کاتێك کە تەوحیدو یەکتاپەرستی ناسیبێ ئەو سێ کتێبەی بۆ هاتبێتە خوارەوە وەك دەڵێن.

لەوانەش تێۆری یا سا (نظرية القانون) ئەڵێن: کە مرۆڤ لە سەرەتادا کارو فەرمانی خۆی بردۆتە لای خوو نەریتەکان، وە خوو نەریتەکان زاڵ و فەرمانڕەوا بوون بە سەریەوە، ئینجا لە پاشاندا ئەوە دروست بوو کە پێی ئەڵێن تێۆری پەیوەندی کۆمەلا یەتی (نظرية العقد الأجتماعي) کە ماناکەی ئەوە یە: تاکەکانی ناو کۆمەڵ لە نێوان خۆیاندا پەیمانیان بەستووەو بە یەکەوە و قسەیان گرێداوە کە ستەم نەبێب لە نێوانیانداو وەرگرتن و بەخشین لە نێوانیاندا بەرپا ببێت، وە " نە ئازارت ئەدەم وە نە ئازارم بدە"؛ ئینجا دوای ئەوە پێغەمبەران هاتوون و کتێبەکان هاتوون.

ئەمە درۆو بوختانە بە دەم خواوە سبحانەوتعالی، هەموو ئەم تێۆرو بۆچونانە مرۆڤایەتی لە سەردەمی لادان و سەرلێشێواویدا-کاتەکانی پچڕانی پێغەمبەرایەتی- نا سیونی و پێیان ئاشنا بووە کە پێغەمبەری تێدا ڕەوا نە نەکراوە، بە ڵکو خەڵکی لە شەریعەت وبەرنامەی پێغەمبەران لایانداوەو کە سانێکی تری وەك گۆشەنشینەکان و شارازاکان و پاشاو دەسەڵاتدارانیان کردۆتە فەرمانڕەواو دەستورو یاسایان لێ وەرگرتوون جگە لە خوا سبحانەوتعالی.

وه خوای گەورە سبحانە وتعالی کات یەك هەر پێغەمبەر یەك بنێر یەت شەریعەت ویا سایەکیشی لە گەڵدا ئەنێر یەت تا کو فەرمانڕەوا یی پێ بکات لە نێوان خەڵکیداو خە ڵکی بگەڕێنەوە بۆ لای ئەو، وا تە حا کم و فەرمانڕەوا لە نێوان بەندەکانیدا خوایە سبحانەوتعالی.

وە ژیان؛ لە قورئاندا تەن ها ئەوە یە کە خوای گەورە گ شت جیهانیا نی پێ لە تاریکاییەکان دەرهێناوەو بەرەو ڕوناکی بردونی و ڕەحمی پێ کردوون، وە هەرچیە دودڵی و ناتەواویەکی دەروونی هەیە لا ببردووەو شیفای داوون لە هەر گومان و دڵەڕاوکەیەك کە مر ۆڤ تو شی د ێت بەرامبەر ئەو ڕاو بیرو بۆچو نە چەوت و ناڕاستانە.

لێرەدا ڕەنگە پرسیارێك بێتە پێش ئەویش کاتێك کە خوا سبحانەوتعالی دەفەرموێت: ﴿قل هُوَ لِلَّذِين آمَنُوا هُدىً وَشِفَاء﴾ [فصلت:44] { بڵێ ئەمە (قورئانی پیرۆز) شیفاو هیدایەتە بۆ ئیمانداران } چۆن تەنها بۆ ئیمانداران ئەبێتە هیدایەت و شیفا؟ وە ئایا قورئان هیدایەت نیە بو سەرجەم جیهان بە گشتی؟.

ئەڵێین: بەڵێ، بە ڕاستی قورئان هیدایەت و ڕۆشنیە بو سەرجەم جیهانەکان بە گشتی، بەڵام ئەوانە کە سوود لەو هیدایەت و ڕۆشنیەی قورئان وەرئەگرن و ئەوانەی کە ئیمانی پێ ئەهێنن و شوێنی ئەکەون تەنها ئیماندارانن، بەڵام ئەوانە کە کافرو بێ باوەڕ بوون ئەوە چاویان لە ئا ستی ئەم قورئا نە کوێر بووەو هیچ سودێکی نیە بۆیان و دڵەکانیان کوێر بۆتەوە.

خوای گەورە لە بارەی قورئانەوە ئەفەرموێت: ﴿يُضِلُّ بِهِ كَثِيراً وَيَهْدِي بِهِ كَثِيراً وَمَا يُضِلُّ بِهِ إِلَّا الْفَاسِقِينَ﴾ [البقرة:26] { زۆرێکی پێ گومڕاو سەر لێ شێواو دەکات و زۆرێکیشی پێ هیدایەت و ڕێنمونی دەکات، بەڵام جگە لە دەرچوو لادەرەکان نەبێت کە سی تر لاڕێ و سەرلێشێواو ناکات } جا لە گەڵ ئەوەدا قورئان نورو ڕۆشناییە، بەڵام دەبێتە هۆی گومڕابوون و لادان.

چونکە ئەگەر کە سێك نورو ڕوشنا یی لە پێش چاوی خ ۆی بی نی و پشتی تێ کردو نەچوو بە دەمیەوە، گومڕایەکەی زیاترو گەورەترە لەوەی کە خۆی لە تاریکیدایەو هیچ ڕۆشنایی و ڕوناکیەکی نەدیوە.
کەسێك ئەگەر هەق و ڕاستی بینیەوەو هەر شوێنی نەکەوت، تاوانبارترو دڵڕەشترە لەوەی کە هەر هیچی نەدیوەو ئاشنا نەبووە پێی.

ئەوەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەبێنێت و گۆی لە فەرموودەکا نی خوای گەورە دەبێت، ئینجا دوای ئەوەش پشت هەڵدەکاو باوەڕ ناهێ نێ، گوما نی تیا نیە کە ئەو کە سە ئەو هیدایەت و ڕێنمونیەی خوای گەورە گەڕاندویە تی بە ساڕێژبونی گ شت نەخۆشیە دەرونیەکا نی مر ۆڤ و بۆی هێناوە تە خوارەوە هیچ سوودێکی پێ نەگەیاندووەو تێکەڵ بە دەروونی نەبووە، ئیتر لە بریتی ئەوەی ڕێنموونی پێ وەربگرێت و ببێتە هۆی هیدایەتدانی، دەبێتە هۆکارێك بۆ زیادە گومڕابوون و ملهۆڕی و تیاچوونی.

ئەم قورئانەدەرمانە ، ڕۆشناییە ، ڕێنموونیە، شیفایە، لێرەوە بە ڕا ستی قورئان ڕێنمو نی و ڕۆشنا یی و دەرمان و شیفایە بۆ کەسانێك کە باوەڕیان پێییەتی و تەماعیان هەیەو بەردەوام لە هەوڵ و تێکۆشاندان کە برینەکا نی خۆیا نی پێ ساڕێژ بکەن و نەخۆشیە دەرونیەکا نی پێ چارەسەر بکەن و بە نورو ڕۆشنا یی ئەو قورئانە دڵیان ئاوەدان بکەنەوە بەرچاویان ڕۆشن بکەنەوە.

ئەوەی کە پێویستە لە سەر مرۆڤ لە عەقیدەو بیرو باوەڕ بیزانێت.

قَالَ المُصَفُّ رحمه الله تعالى:

والله تَعَالَى أرسل رسوله بالهدى ودين الحق، فلا هدى إلا فيما جَاءَ به، ولا ريب أنه يجب عَلَى كل أحدٍ أن يؤمنَ بما جَاءَ به الرَّسُول إيماناً عاماًمُجملاً، ولا ريب أن معرفة ماجاء به الرَّسُول عَلَى التفصيل فرض عَلَى الكفاية، فإن ذلك داخل في تبليغ ما بعث الله به رسوله، وداخل في تدبر القُرْآن وعقله وفهمه، وعلم الكتاب والحكمة، وحفظ الذكر،

والدعاء إلى الخير، والأمر بالمعروف والنهي عن المنكر، والدعاء إلى سبيل الرب بالحكمة والموعظة الحسنة، والمجادلة بالتي هي أحسن، ونحو ذلك مما أوجبه الله عَلَى المؤمنين، فهو واجب عَلَى الكفاية منهم. وأما ما يجب عَلَى أعيانهم: فهذا يتنوع بتنوع قدرهم، وحاجتهم ومعرفتهم، وما أمر به أعيانهم، ولا يجب عَلَى العاجز عن سماع بعض العلم أو عن فهم دقيقه ما يجب عَلَى القادر عَلَى ذلك. ويجب عَلَى من سمع النصوص وفهمها من علم التفصيل مالا يجب عَلَى من لم يسمعها ويجب عَلَى المفتي والمحدث والحاكم مالا يجب عَلَى من ليس كذلك] اهـ ـ {وه خوای متعال پێغەمبەری بە هیدایەت و ئایینی هەق ناردووە، جا هیچ هیدایەتێك نیە مەگەر ئەوە نەبێ کە ئەو پێی هاتوو، وە هیچ گومان نیە لەوەدا کە لە سەر هەموو یەکێك پێویستە کە بە شێوەیەکی گشتی و کورت و موجمەل ئیمانی ببێ بەوەی کە پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم پێی هاتووە، وە گومانیش لەوەدا نیە کە زانینی ئەوەی کە پێغەمبەر پێی هاتووە بە شێوەی دوورو درێژ فەرزی کیفایەیە (ئەگەر کۆمەڵێك پێی هەڵسن لە سەر ئەوانی دیکە لا ئەچێت)، چونکە ئەمەش ئەچێ تە ناو ئەو گەیاندنەی کە خوا پێغەمبەرا نی پێ ناردووە، وە ئەچێ تە ناو ورد بوونەوە لە قورئان و ژیری و تێگەیشتنی خۆی، وە زانستی کتاب و دانایی و حیکمەت، وە پارا ستنی زیکرو یاداوەریەکان، وە بانگەواز بۆ خێرو چا کە، وە فەرمان بە چاکەو جڵەوگیری لە خرا پە، وە بانگەواز کردن بۆ ڕێگەی پەروەردگار بە حیکمەت و دانایی و ئامۆژگاری جوان و بە جێ، وە مشتومڕو گفتوگۆ و وتوێژ بە باشترین شێوەن وە هاوشێوەی ئەمانەش کە خوا لە سەر باوەڕادارانی بە پێویست گەڕاندووە، ئەمانە واجبی کیفایی لە سەر هەندێکیان و نابێ لە ناو ئوممەتدا هیچ کەسێك نەبێ بەمانە هەڵسێ. بەڵام ئەوەش کە لە سەر هەر تاکێکیان پێوست و واجبە: ئەوە بە پێی جۆری تواناییان جۆراو جۆرەو دەگۆڕێ، وە بە پێی پێویستیان پێی و زانست و مەعریفەتیان لێی، وە ئەوەش کە هەریەکەیان فەرمانی پێ دراوە پێی، لە سەر بێتوانا بە پێویست ناگەڕێ کە گۆێ لە هەندێ زانیاری بگرێ یان لە وردکاریەکانی تێ بگات ئەوەی لە سەر بە توانا بە پێویست و واجب دەگەڕێ، وە ئەوەی پێویستە لە سەر کەسێك لە گوێبیستی دەقەکانی (شەرع) بووەو تێیان گەیشتووە لەوەی کە بە دووردو درێژی، لە سەر ئەوە پێوست نیە کە گوێی لێ نەبووە، وە ئەوەی کە پێوست و واجبە لە سەر فەتوادەرو فەرموودەناس و فەرمانڕەوا لە سەر ئەوانە پێویست نیە کە وا بەو شێوەیە نین} أهـ.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێبێ دەفەرموێ: ئەگەر زانیمان کە وەحی بە گشتی نورو ڕۆشناییە، هیدایەت و شیفاو چارە سەرە، وە هەر لەوەوە سێ بنە ما سەرەکیەکە ئەزانین و شارەزای دەبین، ئەوانیش کە نا سینی خواسبحانەوتعال، وە ئەوەی کە پێویستە بەرامبەر جەلال و گەورەیی و دەسەڵاتی، هەروەها ناووسیفاتەکانی، هەروەها لە مافی بەندایەتی پەروەردگار بە سەرمانەوە.

جا ئەگەر ئەمە بەم شێوە یە، ئەوە ئەندازەی زانین و شارەزایی هەر کە سێك لە قورئان چەندە یە؛ لێرەدا دانەر وەك ئەوە یە کە دووربینی و خۆپارا ستنێك بدات لە قسەی هەندێ لە خەڵکی کە دەڵێن: پێویستە لە سەر هەموو کەسێك کە عەقیدەو بیرو باوەڕ بە دوورو درێژی و تەواوی بیزانێت و شارەزای بێت، وە ئەگەر بەو شێوە نەبێت ئەوە نابێتە ئیماندار.

وە ئەمە قسەی هەندێ لە زانایانی ئەهلی کەلام-المتكلمين- و دەرچووە-خەوارجە-کانە، هەروەها قسەی زۆرێکیشە لەوانەی کە لە پەیڕەوی ئەهلی سونەت و جەماعەت لایانداوە.

بەڵام ئەهلی سونەت و جەماعەت ئەوە قسەیان ڕێك و هەماهەنگە لە گەڵ کیتاب و سوننەدا ئەویش کە ئێمان لای ئەوان لە سەر دوو جۆرە:

ئیمان و باوەڕی کورت و پوخت. (إيمان مجمل)

ئیمان و باوەڕی دووردرێژ. (إيمان مفصل)

ئیمانی کورت (الأيمان المجمل) ئەوەیە کە: هەموو مرۆڤێك لە توانایدایەو ئەتوانێت بیزانێت و شارەزای بێت نموونەوەك: ناسینی خوا سبحانە وتعالی بەوەی کە تاك وتەنهایەو هیچ هاوەڵ و هاوشانی نیە، وە پێغەمبەرانی بە هیدایەت و ڕێنموونی ناردووە، وە محمد صلى الله عليه وسلم پێغەمبەری خوایە کە پێویستە تەنها گوێڕایەڵ و ملکە چی فەرمانەکانی ئەو بین، وە نوێژو ڕۆژوو ئەوانی تریش لە فەرمان و فەرزە دیارو بەرچاوەکان پێوست کراون لە سەرمان و دەبێ ئەنجامیان بدەین، خوای گەورە لە سەر بەندەکانی خۆی واجبی کردووە، ئەمە بە گشتی پێی ئەوترێت ئیمانی کورت (الإيمان المجمل)، ئەم ئیمانە ئەوەیە کە پێغەمبەرصلى الله عليه وسلم لە فەرموودەکەی (جوبرەئیل)دا باسی کردووە کاتی لە وەڵامی جوبرەئیل دا فەرمووی: {أن تؤمن بالله وملائكته وكتبه ورسله واليوم الآخر وتؤمن بالقدر خيره وشره من الله تَعَالَى}رواه مسلم (8) عن عمر بن الخطاب. {ئیمان و باوەڕ ئەوەیە کە باوەڕت ببێ بە خوا بە فریشتەکانی و بە کتێبەکانی و بە پێغەمبەرەکانی و بە ڕۆژی دوایی و بە قەدەر بە چاك و خراپییەوە کە لە خواوەیە }. جا ئەم ئیمانە کورتە لە سەر هەموو موسڵمانان بە گشتی پێویستەو واجبە بیزانن، وە پێویستە نەخوێنەوارەکانی لێ فێر بکرێت و تاکو ببێتە بەڵگەیەك بە سەریانەوە، ئەنا ئەوەی فێریان نەکات گوناهبار ئەبێت.

بەڵام ئیمانی دوورو درێژ (الإيمان المفصل): ئەوە زانین و شارەزا بوونە لەو فەرزانەی کە ئەگەر هەندێ لە زانایانی ئەم ئوممەتە پێی هەڵسان ئەوە لە سەر ئەوانی تر لادەبرێت و لە بریتی ئەوانی تریشەو پێی ئەوترێت (فرض الكفاية) بە نموونەوەك: زانینی ناوو سیفاتەکان بە دوورو درێژی، وە بەڵگەی هەریەکەیان، یان زانینی حوکمەشەرعیەکان بە شێوەیەکی دوورو درێژ؛ چونکە ئیمان بەش بەشە، هەر بەندایەتێك یان گوێڕایەڵیەك جا فەرز بێت یان سوننەت و زیادە بێت ئەوە بەشێکە لە بەشەکانی ئیمان.

خەوارجەکانیش ئەوە دەیانگووت: دەبێ و پێویستە ئیمان بە شێوەیەکی دوورو درێژ هەمووی بزانرێت، چونکە ئیمان یەك شتە و بەس (بەش بەش ناکرێت)، ئەوەش ئەوەیە کە لە دڵدا دەبێت.

خوای گەورە سبحانەوتعالی فەرمانی پێ داوین کە فێر ببین و هەڵێناوین لە سەر فێربوون،بەڵام پێویست نەیە لە سەر هەموو مرۆڤەکان کە فێری زانست و زانیاری ببن بە دوورودرێژی، ئەمەش ئەچێ تە بەر فەرموودەی خوای سبحانەوتعالی کە دەفەرموێت: ﴿فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ﴾ [التغابن:16]. {هەتا دەتوانن بە تەقواو خواناس بن } [التغابن:16] .

بەڵام لە سەر ئوممەت بە گشتی فەرزی کفایەیەو پێویستە لە سەری کە فێری ببێت، پێویستە لە ناو ئوممەتدا زانایان و فەتوادەران و دە سەڵاتداران هەبن کە بە فەرمانی خوای گەورە فەرمانڕەوایی بکەن، فەتوا بدەن بەوەی کە خوا سبحانەوتعالی ناردویەتیە خوارەوە، ئەوەی کە خواو پێغەمبەرصلى الله عليه وسلم هێناویانە لە فەرمان و شەریعەت بە مسوڵمانانی شارەزا بکەن بە شێوەیەکی دوورودرێژو بە تەواوی تێیان بگەیەنن.

بەڵام زانینی هەر یەکێك لە موسڵمانان بۆ پایەکانی دین و بنەماکانی ئیمان، ئەوە بە پێی توانایان بە سەریدا جۆراو جۆرە، هەموو کەسێك بە پێی توانای خۆی دەبێ شارەزا بێت و بزانێت.

کەی مرۆڤ پاساوو بیانووی نەزانی بۆ ئەهێنرێتەوە

ئەمە مەسەلەیەکی گرنگەو پێویستە وریاو بە ئاگا بین لێی ئەویش: ئایا مرۆڤ پاساوی هەیە بە هۆی نەزانینیەوە یان پاساوو بیانوی نیە؟

ئەوەی کە ئەو ڕاستیە بزانێت کە لەوەو پێش باسمان کردو دانەریش ڕەحمەتی لێبێ باسی کرد وەڵامەکەی لا شاراوە نابێت، بەڵکو ئەزانێت کە وێنەی ئەم پرسیارانە ئاوا بە ڕەهایی وەڵام نادرێنەوە، پێویستە بە وردی وەڵام بدرێتەوە لە بەر ئەوە دەڵێین:

ئیمانی کورت و پوخت ئەوەیە کە پێویستە لە سەر هەموو مرۆڤێك کە بیزانێت، وە لەمەدا هیچ کەسێك لە موسڵمانان پاساوی بۆ ناهێنرێتەوە بە نەزانین و ئاگادار نەبونی بیانوی ئەوەی نیە کە بڵێ نایزانم و فێری نابم، ئەگەر ئەیتوانی واجب بونی نوێژو پێویست بونی نوێژ بزانێت بەڵام پشتی هەڵکردو گۆێی پێ نەدا، ئەوە ئیتر پاساوی بۆ ناهێنرێتەوە بە هۆی نەشارازییەکەیەوە، ئەمە لە کارە ئەسڵ و بنچینەییەکاندا، بەڵام لە بەشەکاندا(الفروع) ئەوە سزا ئەدرێت؛ چونکە لە سنوور دەرچووە و گۆێی پێ نەداوەو ئەوەی کە پێویستە لە سەری کە بیزانێت لە بەشەکانی ئیمان وازی لێ هێناوەو پشت گوێی خستووە، ئینجا بە پێی تواناو هێزی خۆی لە تێگەیشتنیدا سزا ئەدرێت مادەم توانیویە تی فێر ببێت بەڵام تەممەڵی کردووەو فێر نەبووەو وازی لێ هێناوە، بەڵام ئەوەی کە توانای فێر بوونی نیەو تێ ناگات ئەوە خوای گەورە هیچ ئەرکێك ناخاتە سەر هیچ کەسێك ئەگەر لە توانایدا نەبێت.

وە جاری وا هەیە مرۆڤ بە هۆی هەر ئیعتیبارو بایەخێکەوە بێت بێ ئاگا ئەبێت لە هەندێ فەرمان و کار؛ بەڵکو جاری وا یە مرۆڤ بێ ئاگا ئەبێت لە هەندێ لە سیفاتەکانی خوای گەورە کە ڕەوا نیە و نابێ هیچ کەسێك کە لێی بێ ئاگا بێت.

لەوانە: ئەو پیاوەی کە لە نەوەی ئیسرائیل بوو، لە فەرموودەی (صحیح)دا لە چەند ڕیوایەتێکی درو ستەوە هاتووە کە کاتێك خەریك بوو بمرێت و کەوتە سەرمەرگ بە کەس و کارەکەی وت: {إذا أنا مت فاحرقوني،ثُم اطحنوني،ثُمَّ ذروني في البحر وفي البر، والله لئن قدر الله عليّ ليعذبني عذاباً لم يعذبه أحداً من العالمين}رواه البخاري (3481، 7067)، ومسلم (2756) عن أبي هريرة، ورواه البخاري أيضاً (3478، 6116، 7069) ومسلم (2757) عن أبي سعيد الخدري. { ئەگەر من مردم بمسوتێنن، ئنجا بمهاڕن و پاشان فڕێمدە نە ناو دەریاوە یان لە وشکانیدا(تۆزو خۆڵە کم بڵاو بکەنەوە، سوێند بە خوا ئەگەر خوا بتوانێت زیندوم بکاتەوە سزایەکەم ئەدات کە هیچ کەسێکی بەو شێوەیە سزا نەدابێت}.

ئەم پیاوە لە ئیمان و ترسی لە خوای گەورە سبحانە و تعالی وە لە بەهێزی و توندی دان پیانانیەوە بە تاوان و کەمتەرخەمی خۆی بەرامبەر بە مافەکانی خوای گەورە لە سەری کەسو کاری ڕاسپارد کە بەو شێوەیەی لێ بکەن، بێ ئاگا بوو لەوەی کە خوا سبحانەوتعالی بە سەر هەموو شتێکدا بە توانا یە، وە ئەو زاتە مردوو زیندووئەکاتەوە، پاشان: {فجمعه الله وأعاده خلقاً سوياً كما كان} { خوای گەورە (هەموو ئەندامەکانی لاشەی) کۆکردەوەو کردیەوە بە کەسێکی ئاسایی و تەواو هەروەك لەوەو پێش بوو} خوای گەورە بە توانا یە بە سەر هەموو شتێکدا، ئەوجا خوا سبحانەوتعالی لێی ئەپرسێ: {ما حملك عَلَى ما فعلت؟ قالَ: خوفك يا رب!!} { چی هەڵینایت و وای لێ کردی کە ئەو کارە بکەیت؟ وتی: ترسی تۆ ئەی پەروەردگارم!! }.

ئەم پیاوە بوێری و بێ باوەڕی بە خوای گەورە وای لێ نەکردبوو کە هەڵسێ بەو کارە، یان گومانی لە ئیمانەکەییدا یان لە تواناو دەسەڵاتی خوا گەورە بو بێ، بەڵکو ترس لە خوا پاڵی پێوە ناو وای لێکرد کە وا گومان بەرێ ئەگەر خۆی بستوتێنێ و لاشەکەی بهاڕێ و بەش بەشی بکات و بڵاوی بکاتەوە بە سەر زەویدا یان بیخاتە ناو دەریاوە ئیتر دەرباز ئەبێت لە سزاو تۆڵەی ڕۆژی دوایی.

جا مرۆڤ جاری وایە شتانێکی لەم جۆرە لە بیر ئەکات و بێ ئاگا ئەبێت لێیان، کە ئەگەر ورد سەرنج بدات و وریاو تێگەیشتوو بێت ئەزانێت کە خوای گەورە بە سەر هەموو شتێکدا بە توانایەو هیچ شت لە دەسەلآت و توانای خوا دەر ناچێت.

شاهید لێرەدا ئەوەی کە مە سەلەی هێنانەوەی پا ساوو بیانوو بە نەزا نی و نەشارەزا یی مە سەلەیەکی بەراورد یە و جیا یی یەو لە یەکێکەوە تا یەکێ کی تر جیاوازی هە یە و ئەگۆڕ ێت، هەموو کە سێك پەروەردگاری بە ئەندازەی ئەو زانست و تێ گەیشتنەی پێی گەیشتووەو ئەیزانێت یان ئەوەی کە ئەکرێت و ئەتوانێت بێزانێت لێی دەپێچێتەوەو ئەکەوێتە بەر پرسیار.

دانەر ڕەحمە تی خوای لێ بێ بەم قسە کور تە ئەیەو ێت پەر چی قسەی گومڕاو سەرلێشێواوانی خەوارج و ئەهلی کەلام بداتەوە لەم مەسەلە گرنگەدا، پێویستە مرۆڤی نەفام و بێ ئاگا شارەزابێت و تێ بگەیەنرێت و شارەزا بکرێت، بێ ئاگا بانگ بکرێت و یادی بخرێتەوە و بنچینەو بنەماکانی دینی تێ بگەیەنرێت، ئەوە ئەرك و واجبی سەرشانمانە، وە هەر کەسێك کە شتێك لە هەق ئەزانێت ئەبێت کەمتەرخەمی تیا نەکات و بیگەیەنێت، پێویستە کە خەڵکی فێری عەقیدەو بیروباوەڕی دروست بکەین، نابێت زۆر ڕۆبچین لەوەی کە ئایا کێ پاساوو بیانووی هەیە لەوەی کە فێر ببێت یان کێ پاساوی نیە، گرنگ ئەوەیە هەوڵ بدەین وبیرو باوەڕی ڕاست و دروست بڵاو بکەینەوە.

بێ گومان خوای گەورە سبحانەوتعالی هەریەك لەوا نە بە پێی ئەوەی چەندەی زانست و شارەزا یی پێ گەیشتووە لێپر سینەوەی لە گەڵدا ئەکات، وە ئێمەش خوا لێمان ئەپر سێتەوە ئا یا بانگەوازەکەی پێغەمبەرمان صلى الله عليه وسلم گەیاند یان نا؟

لە بەر ئەوە دانەر ڕەحمە تی خوای لێ بێ لێرەدا باس لە بابە تی فەرمان بە چاکەو جڵەوگیری لە خرا پە دەکات، بانگەواز بۆ لای خوا بە دانا یی و ئامۆژگاری دروست و چاك و موجادەلەو گفتوگۆو مشتومڕکردن بە چاکترین شێوە، لە دوتوێی فەرزەی کیفایەتدا باسیان دەکات کە هەر کەسێ توانای هەبێت دەبێ بە جێیان بێنێ و پێیان هەڵسێ، بەمەش زانست و شارەزا یی لە ناو ئومەتدا بڵاو دەبێتەوەو پەرە دە سێنێت و ئیتر نەفامی و بێ ئاگایی بڵاو نابێتەوە، بەم شێوەیەش بەڵگە لە سەر خەڵکی ئەسەپێنرێت و خەڵکی پاساو بڕو بێ بیانوو دەکرێن.

هۆکارەکانی گۆمڕابوون و گومان و دوودڵی.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێبێ ئەفەرموێت:

[وينبغي أن يعرف أن عامة من ضل في هذا الباب أو عجز فيه عن معرفة الحق، فإنما هو لتفريطه في اتباع ماجاء به الرسول، وترك النظر والاستدلال الموصل إلى معرفته فلما أعرضوا عن كتاب الله ضلوا، كما قال تعالى: ﴿فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُم مِّنِّي هُدًى فَمَنِ اتَّبَعَ هُدَايَ فَلَا يَضِلُّ وَلَا يَشْقَىٰ * وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَىٰ قَالَ رَبِّ لِمَ حَشَرْتَنِي أَعْمَىٰ وَقَدْ كُنتُ بَصِيرًا * قَالَ كَذَٰلِكَ أَتَتْكَ آيَاتُنَا فَنَسِيتَهَا وَكَذَٰلِكَ الْيَوْمَ تُنسَىٰ﴾ [طه: 123-125].

قال ابن عباس رَضيَ اللهُ عَنْهُما: {تكفل الله لمن قرأ القُرْآن وعمل بما فيه، أن لا يضل في الدنيا، ولا يشقى في الآخرة، ثُمَّ قرأ هذه الآيات}.

وكما في الحديث الذي رواه التِّرْمِذِيّ وغيره عن عَلِيّ رَضيَ اللهُ عَنْهُ قال: قال رَسُول الله صَلَّى اللهُ عَلَيْه وَسَلَّم: {ألا إنها ستكون فتن، قلت: فما المخرج منها يا رَسُول الله؟

قَالَ: كتاب الله فيه نبأ ما كان قبلكم، وخبر ما بعدكم، وحكم ما بينكم، هو الفصل، ليس بالهزل، من تركه من جبار قصمه الله، و من ابتغى الهدى في غيره أضله الله، و هو حبل الله المتين، و هو الذكر الحكيم، و هو الصراط المستقيم، و هو الذي لا تزيغ به الأهواء، ولا تلتبس به الألسن، ولا تنقضي عجائبه، ولا تشبع منه

العلماء، ومن قال به صدق، ومن عمل به أجر، ومن حكم به عدل، ومن دعا إليه هدي إلى صراط مستقيم} إلى غير ذلك من الآيات والأحاديث، الدالة علَى مثل هذا المعنى] اهـ. [وه پێوسیته که بزانرێت که بە ڕاستی گشتی ئەوانەی لەم دەروازەیەوە گومڕاو سەرلێشێواو بوون یان بێتوانا بوون لە ناسینی هەق، ئەوە تەنها لە کەمڕەوی و کەمتەرخەمیانەوە بووە بۆ شوێنەکەوتنی ئەوەی کە پێغەمبەر پێی هاتووە، وە واز هێنانیان لەو بەڵگەو تێڕوانیانەی ئەتگەیەنن ناسینی و پێ ئاشنا بوونی، جا کاتێك ئەوان پشتیان لە پەڕاوی خوا کرد گومڕا بوون، وەك خوای متعال دەفەرموێت: (هەر کاتێ هیدایە تی منتا ن بۆ بێ جا کە سێ کە هیدایە تی من پەیڕەوی بکا نە گومڕا دەبێ و نە تووشی دەردو ڕەنج دەبێ * وە هەر کەس لە یادی من ڕوو بسوڕێنێ، ئەوە بە ڕاستی ژیانی تەنگ و سەختی بۆ ئەبێ و لە ڕۆژی قیامەتا بە کوێری حەشری ئەکەین * ئەڵێ: ئەی پەروەردگارم بۆچ بە کوێری حەشرت کردم. من کە بینا بووم * دەفەرموێ: هەروا کە ئایاتی من بە تۆ گەیی و ئەوانەت لە بیر بردەوە، بەم جۆرە ئەمڕۆ تۆیش لە بیر دەچیەوە).

وە ئیبن عەباس خوا لێی ڕازیبێ دەفەرموێت: {خوا بۆ یەکێك کە قورئان دەخوێنێتەوەو کار ی پێ دەکات زامن نی کردووە کە لە دنیادا گومڕاو سەر لێشێواو نە بێ، وە لە دواڕۆژیشدا بەد بەخت نەبێ و پاشانیش ئەم ئایەتانەی خوێندەوە}.

وە هەروەك لەو فەرموودە ی کە ترمذی و جگە لەو یش ڕیوایەتیان کردووە لە عەلی یەوە خوا لێی ڕازیبێ وتی: پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی: {وریا بن و ئاگادار بن کە لەمەو دوا فیتنەو ئاژاوە دەبێ، وتم: ئەی دەرچە چیە لەو فیتنە یە ئەی پێغەمبەری خوا؟

فەرمووی: پەڕاوی خوا دەنگ و باس و ڕووداوی پێش خۆتانی تیایە، وە هەوالّی پاش خۆتانی تیایە، وە فەرمانڕەوایە لە نێوانتاندا، ئەو جیاکەرەوەیە، گاڵتەو گەمە نیە، هەر کەسێ لە لوت بەرزی و دەسەلاّتەوە وازی لێبێنێ خوا پشتی دەشکێنێ، وە هەر کەسێکیش بیەو ێت هیدایەت و ڕێڕۆ شنی لە جگە لەوەوە وەربگرێ خوا گومڕای ئەکات، پە تی تۆندو بە هێزی خوایە، ئەو یادی حەکیم و داناییە، هەر ئەویشە ڕێگەی ڕاست، وە هەر ئەوە کە هەواو ئارەزووەکان پێی لانادرێن و ناترازێن، وە زمانەکان پێی تێکەڵ نابن، وە سەمەرەو سەرسوڕهێنەرەکانی تەواو نا بن و کۆتاییان نایەت، وە زانایان لێی تێر نا بن، وە هەر کەسێ بەو وتەی ئەوی وت ئەوە ڕاستی وتووە، وە هەر کەسێکیش کاری پێ بکات پاداشت وەر دەگرێ، وە هەر کە سێکیش فەرمانڕەوا یی پێ بکات دادپەروەری کردووە، وە هەر کەسێکیش بانگەوازی بێ بکات ئەوە ڕێنومایی کراوە بۆ ڕێگەی ڕاست} بۆ جگە لەمانەش لە ئایات و فەرموودەی تر، کە بەڵگەو سەلمێنەرن لە سەر ئەم مانایە] اهـ

شەرح و ڕاڤەکردن

لەوانە یە دانەر ڕەحمە تی خوای لێبێ لێرەدا وەڵا می پرسیارێك بداتەوە کە ڕەنگە بوتر ێت ئەو یش ئەوە یە کە: نیگا (وحی) لە کتاب و سوننەتدایە وە لە گەڵ ئەوەدا کە هەق و نورو هیدایەت و ڕێنموونیە، بەڵام کەس و کۆمەڵانێ کی ز ۆر ئەبیند ین تەنانەت لەوانەش کە پاڵداراونە تە پاڵ ئیە سلام و گومڕا بوون سەریان لێ شێواوەو توشی دودڵی و سەرلێتێکچویی و بێ سەروبەری بوون و بە تەواوی ون بوون!

هەیانە بە شیعرو هۆنراوە لێکدانەوەی لە دڵەڕاوکێ و دودڵیەکەی کردووە، وەك یەکێکیان دەڵێ:

لعمري لقد طفت المعاهد كلها وسيرت طرفي بين تلك المعالم

فلم أر إلا واضعاً كف حائر على ذقن أو قارعاً سن نادم

سوێند ئەخوات بە تەمەنی خۆی و ئەڵێ: کە هەرچی پەیمانگەو شوێنە بەرزو بڵندەکانی خوێندن هەیە هەمووی گەڕاوم و چاوم گێڕاوە بە سەریانداو ئاگاداری ئەوانە بووم کە شارازاییان هەبووەو تیایاندا خوێندوویانە، بەڵام کەسم نەدی (بەختەوەرێك و دڵنیایەکم تیا نەدی) تەنها یەکێك نەبێت کە لە ئەنجامی بیرکردنەوەو گومان و دوودڵی خۆیدا دەستی خستۆتە ژێر چەناگەی خۆی، یان کەسێك پەنجەنی پەشیمان گەستبێت و لە ڕابوردوی خۆی و کەوتبێتە ئاهو حەسرەت.

یەکێکی تریان کە (ڕازی)یە دەڵێ:

نهاية إقدام العقول عقـــــال وغاية سعي العالمين ضـــــلال

ولم نستفد من بحثنا طول عمرنا سوى أن جمعنا فيه قيل وقالوا

کۆتایی ئیقدام و هەڵکوتانی عەقڵ و ژیری (لە شتانێکا کە توانی بە سەریدا نیەڕەشمەیەکەو مرۆڤ ئەبەستێتەوە، وە کۆتایی هەوڵ و کۆششی هەموو خەڵکی (مەبەست لەوانەیە کە بە زانیاری کەلامەوە خۆیان خەریك ئەکەن) گومڕایی و سەرلێشێواویە.
ئێمە لەم لێکۆڵینەوەو قوڵبونەوەیەدا بە درێژایی تەمەنمان هیچ سوودێکمان نەکرد، تەنها ئەوە نەبێت کە وتراو وتیان مان کۆ کردەوەو بەس (واتە هەر قسەمان کۆکردەوە فلان وتی و فلان کۆمەڵ وایان وت و فلان وا وەڵامی دایەوە)و هیچ سودێکمان لەو زانیاری و فێر بوونەمان نەکرد.

جا ئەوا نە لە کاتێکا کە کتاب و سوننەتیش لە بەر دەستیان بوو، بەڵام تەعبیریان لە گومان و دوودڵی و دڵەڕاوکەیی خۆیان بەو شێوە دەکردەوە، ئەم هیدایەت و ڕێنموونیە لە بەر دەستیان بوو، بەڵام ڕۆچوون لە وەرگرتنی عەقیدەو بیروباوەڕ لە ڕێی زانیاری کەلامەو وێستویانە خواو سیفاتەکانی خوا سبحانەوتعالی یان ڕۆژی دوایی و هەواڵی ئەودنیای تر لە ڕێگەی عیلم و زانیای کەلامەوە بناسن، ئیتر تیاچوون و دوودڵی و گومان هەست و بیرکردنەوەی داگیرکردن و وون بوون، جا ئەگەر وترا: با شە چۆن ئەوا نەون ئەبن و سەریان لێ ئەشێوێ و تووشی دۆش دامان دێن لە کاتێکا کتاب و سوننەت لە بەر دەستیانا بووە؟

دانەر ڕەحمەتی خوای لێبێ وەڵام ئەداتەوەو ئەڵێ:

[إن عامة من ضل في هذا الباب أو عجز عن معرفته، فإنما بسبب تفريطه في اتباع ما جَاءَ به الرَّسُول صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وترك النظر والاستدلال الموصل إلى معرفته]. [بە ڕاستی زۆربەی ئەوانەی لەم دەروازەیەوە گومڕاو سەرلێشێواو بوون یان بێتوانا بوون لە ناسینی هەق، ئەوە تەنها لە کەمڕەوی و کەمتەرخەمیەوەیان بووە بۆ شوێنەکەوتنی ئەوەی کە پێغەمبەر پێی هاتووە، وە واز هێنانیان لەو بەڵگەو تێڕوانیانەی ئەتگەیەنن ناسین و پێ ئاشنا بوونی].

با باوەڕداریش بێت، با کتاب و سوننەتیش لە بەر دەستیا بێت، مادەم لە سەرچاوەکەیەوە ڕاستیەکەی وەرنەگرتووە، کەمڕەوی و کەمتەرخەمی کردووە لە شوێنکەوتنی ئەم قورئانەو شوێن پێهەڵگرتنی هیدایەت و ڕێنموونیەکانی، ئەوە سزاو تۆڵەکەی سەر لێ تێکچوون و دۆش دامان و گومانە پەنا بە خوا.

جۆرەکانی وردبونەوەو بەڵگە هێنانەوە

وردبونەوەو بەڵگەهێنانەوە (النظر و الا ستدلال) بە مانای نا سین و شارەزایی یە لە ڕێگەی ژیریەوە، ئەگەر لەم ڕاڤەیەدا وشەی تێڕوانین –النظر- هات ئەوە بە ما نی نا سین و شارەزا یی ژیری، یان کۆ شش لەڕێی ژیریەوە، یان بەڵگە هێنانەوەی ژیریە.

تێڕوانین –النظر- دوو جۆرە:

جۆری یەکەم: تێڕوانینی ژیری ڕووت کە ئە مە نەزەرو تێڕوانینی ئەهلی کەلا مە، بریتیە لە: شوێنکەوتنی بنە ما ژیری و فە لسەفیەکان لە بیرکردنەوەدا، ئەم جۆرەش لە تێڕوانین جگە لە گومڕابوون و سەرلێشێوایی هیچ چی تری بە دواوە نیە، وە هە یچ عیلم و زانیاریەك یان هە یچ هیدایەت و ڕێنموونیەك بۆ خاوەنەکەی بەرهەم ناهێنێت.
ئەمە یە ئەوانەی کە هەمیشە لە ناخیانەوە دوودڵی و تیاچوون و سەرلێشێواویان دەربڕیوە شوێنکەوتەی بوون و لە سەری ڕۆیشتون و کردویانەتە بنەمایەك بۆ تێڕوانین و بەڵگە هێنانەوەیان.

جۆری دووەم: تێڕوانینی شەرعی ئەو یش کە: تێڕوانینە بۆ دەقەکا نی قورئا نی پیرۆز وتێگەیشتنیا نە بە وردبونەوەو بیرکردنەوە و قوڵ بونەوە لێیان، وەك چۆن خوای گەورە فەرمانی پێ داوین.

جا هەر ئەم تێڕوانینەیە ئەتگەیەنێتە دڵنیایی تەواو، چونکە ڕێگەی دڵنیایی بریتیە لە: تێڕوانین و بەڵگە هێنانەوەی شەرعی، نەك تێڕوانینی کەلامی و مەنتقی فەلسەفی، لەوانە خوای گەورە چەند نموونەیەکمان بۆ دەهێنێتەوە لە گەورەترین ئەو دۆزو مەسەلانەی پەیوەندیان بە مرۆڤەوە هەیە ئەویش کە مەسەلەکانی ئیمان و باوەڕن، مە سەلەی ئیمان بە نموو نە خوای گەورە بۆ سەلماندنی یەکتاپەر ستی خ ۆی چەندە ها نموونەی لە سەر هێناوەتەوە لە سەر ئەوەی کە زا تی پەروەردگار هە قە، وەئەم قورئا نە هە قە، وە موحەممەد صلى الله عليه وسلم هەقەو بە ڕاست نێررواوە.

خوا سبحانەوتعالی ئەفەرموێت: ﴿سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنْفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ﴾ [فصلت: 53] {ئێمە لە ئایندەدا بەڵگەو نیشانەکا نی خۆمانیان پێ نیشان دەدە ین لە ئا سۆکانی بونەوەردا و لە دەرونی خۆشیاندا، تا بۆیان ڕۆشن ببێ و ڕوون ببێتەوە کە ئەو زا تە هەقەو ڕاستە} کۆمەڵە نیشانەیەکێ زۆر لە بونەوەردا هەن، هەروە ها لە دەرەونی مرۆڤ خۆیدا لە سەر ڕا ستی و حەقیقە تی خوای باڵادە ست، زانایانی گەردوون و پزیشکەوانی ئەو ڕاستی و سەلمێنراوانە باشتر دەزانن، هەروەها کاتێك دەشتەکیەکی نەخوێندەوار یش سەر بەرز ئەکاتەوە بۆ ئا سمان و سەیر ئەکات کە چۆن ئەم ئا سمانە بەرز ڕاگیراوە و نەخشێنراوە، چۆن ئەم شاخانە دانراوون و دامەزرێنراوون، چۆن ئەم زەویە ڕاخراوەو تەخت کراوە، ئەتوانێ سەیری حوشترەکەی بکات کە هەڵیگرتووە چ ۆن درو ست بووە، سەیرکردن و تێڕوانین و بیرکردنەوەی ئەیگەیەنێتە دڵنیاییەکی تەواوی ڕاستگۆیانە کە هیچ جۆرە گومانێك ناتوانێ جێی خۆی بکاتەوە لە دڵیدا، خوای متعال ڕوو بە بەندەکا نی دەفەرموێت: ﴿أَلَمْ نَجْعَلْ لَهُ عَيْنَيْنِ * وَلِسَانًا وَشَفَتَيْنِ * وَهَدَيْنَاهُ النَّجْدَيْنِ﴾ [البلد: 8-10] ئایا {ئێمە دووچاومان پێ نەداوە؟! وە زمان و دووليۆمان پێ نەبەخشیوە؟! ئایا ڕێنموونیمان نەکردووە تا کو سەرپێشك بێت لە شوێنکەوتنی ڕێبازی ڕا ست یان چەوت؟!} هەموو مرۆڤێك ئەگەر سەیر بکات و ورد سەرنج بدات و بیر بکاتەوە لەوەی کە خوا سبحانەوتعالی چ ۆن و بە چ شێوەیە کی سەرسوڕهێنەر درو ستی کردووە، بێ گومان لە ڕێگەی ئەو تێڕوانین ورد بونەوەوە ئەگا تە دەرەنجامێکی دروست ئەویش ئەوەیە کە خوای گەورە هەق و ڕاستە.

هەروەها باوەڕ بە ڕۆژی دواییش کە لە زۆرترینی ئەو مەسەلە غەیب و پەنهانانە بووە کە هاوەڵگیران ئینکاریان کردووە و باوەڕیان پێی نەبووە هەر بەو شێوەیە یە، خوای گەورە سبحانەوتعالی سوێندی خواردووە بە ڕۆژی دوا یی، چونکە لە لایەن زۆر یێك لە هاوەڵگیرو بێباوەڕەکانەوە بەردەنگاری دەبونەوەو نەیاندە سەلماند، خوای گەورە لە سێ شوێندا لە قورئا نی پیرۆزدا سوێندی خواردووە کە زیندوو بونەوە ڕاستەو زیندوو دەکرێنەوەو لێتان دەپرسرێتەوە، بە شێوەیەك با سی دانا یی و حیکمە تی زیندوبونەوەی ڕوو کردۆتەوە ئەگەر هەر یە کێك تێی ڕامێ نی و بیری لێ بکاتەوە هۆ شی دێتەوە بە خۆیدا و باوەڕ دێ نی کە زیندوو بونەوەی دوای مردن هەق و ڕاستە.

لە زۆر یٚك لە ئایەت و سورەتەكانی قورئاندا خوای باڵا دە ست نموو نە دێنێتەوە بە زیندوكردنەوەی زەوی، كە چۆن مردووەو ژیانی تیا نەماوە، بەڵام كاتێك كە باران ئەبارێت بە سەریدا و ئیتر گوڵی ڕەنگاو ڕەنگی سەوزو سوور دێنە دەرێ، گژوگیای درێژو كورت، ڕووە كی پان و تە خت، هەر یەك بۆنێكی تایبە تی هە یە، هەربەك ڕێژەیە كی تایبەت شەكرو پێكهاتەكا نی تری تیا یە، ئەمەیان زۆرە، ئەمەیان كەم، ئە مە تاڵە، ئەوی تریان دەرمانی دەردو نەخۆشیە، ئەمیان خۆراكی مرۆڤە، ئەوی دیكەیان خۆراكی ئاژەڵ، وە هەروەها بە شێوەیەك كە ئەگەر مر ۆڤ ورد سەیر بكات و سەرنج بدات ئەگا تە دڵنیاییە كی تەواو بە ڕا ستی پەروەردگار.

جا خوای گەورە سبحانە و تعالی نموو نە بە زیندووكردنەوەی زەوی مردوو دێنێتەوە بەوەی كە وەك چۆن ئەو زەو یە مردووە لە پێش چاوی خۆتان زیندوو دەكاتەوەو ژیا نی پێ دەبەخشێتەوە، ئاوەهاش بە توانا یە بە سەر ئێوەداو دووبارە زیندوتان دەكاتەوە، دوای ئەوەی با سی زیندوكردنەوەی زەوی ئەكات و بەخشینەوەی ژیانی سەر لە نوێی بۆ زەوی دەفەرموێت ﴿إِنَّ الَّذِي أَحْيَاهَا لَمُحْيِي الْمَوْتَى﴾ [فصلت:38] {بە ڕا ستی ئەوەی كە زەوی زیندو كردەوە مردوش زیندو ئەكاتەوە} خوا سبحانەوتعالی ئەم نموونانەمان بۆ دێنێتەوە تاكو دڵنیا بین، وە بزانین كە هەق و ڕاستە، تاكو بە تەواوی بگەینە ئەو دەرەنجامەی كە باوەڕ بە دوا ڕ ۆژ دڵنیاییەكەو بە هـ یچ شێوەیەك لە دڵەكانماندا لەق ناب ێت و هەڵناكەنر ێت، لە بەر ئەوە سبحانەوتعالی دەفەرموێت: ﴿وَأَقْسَمُوا بِاللَّهِ جَهْدَ أَيْمَانِهِمْ لَا يَبْعَثُ اللَّهُ مَنْ يَمُوتُ بَلَى وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ * ﴿لِيُبَيِّنَ لَهُمُ الَّذِي يَخْتَلِفُونَ فِيهِ وَلِيَعْلَمَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّهُمْ كَانُوا كَاذِبِينَ﴾ [النحل: 38–39] {بێبڕوایان سوێندیان دەخواردو چەختیان لە سەر سوێندكەیان دەكردو دەیانوت: ئەوەی بمر ێت خوا زیندوی ناكاتەوە! نەخ ێر، ئەوە بەڵێنێ كی ڕا ست و درو ستی خوایەوەو لـ ێی پاشگەزنابێتەوە، بەڵام زۆربەی خە ڵكی ئەم ڕا ستیە نازا نن و باوەڕی پێ ناكەن * بێ گومان خوا هەموویان زیندوو دەكاتەوە تا بۆیان ڕوون بكاتەوەو بۆیان دەربخات، ئەوەی ئەوان كێشەیان لە سەری هەبوو، بڕوایان پێی نەبوو ها تە دی، تا ئەوانەی كە بێ باوەڕ بوون بزانن كە بێ گومان ئەوان درۆزن بوون}.

لێرەدا ئایەتی تر هەن بەڵگەن لە سەر ئەوەی كە زیندوبونەوە ڕاستە؛ ئەویش پەندو ئامۆژگاری تێڕوانین و سەیركردنە، كاتێك مرۆڤ بیر لەو قسەی دەكاتەوە كە هاوەڵگیران ئەڵێن: "سوێند بە خوا ئەوەی كە مرد خوا زیندوی ناكاتەوە" : ﴿وَأَقْسَمُوا بِاللَّهِ جَهْدَ أَيْمَانِهِمْ لَا يَبْعَثُ اللَّهُ مَنْ يَمُوتُ بَلَى وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ [النحل:39] ئەمەش تا كو حیكمەت و دانا یی خوای گەورە دەربكەو ێت و ڕۆ شن بێتەوە، خوا سبحانەوتعالی ئەفەرموێ: ﴿لِيُبَيِّنَ لَهُمُ الَّذِي يَخْتَلِفُونَ فِيهِ﴾ وا تە: ڕونكردنەوەی ئەوەی كە تیا یا جیاوازن، ئەمە یەك.

ئەوی تریان: ﴿وَلِيَعْلَمَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّهُمْ كَانُوا كَاذِبِينَ﴾ جا ئەگەر مرۆڤ ورد لەم دوو حیكمەتە ورد ببێتەوە تەواو دڵنیابەخش ئەبێت لەوەی هەر ئەبێت ڕۆژی دوایی هەبێت و مەحاڵە كە ژیان هەروا كۆتایی پێ بێت.

﴿لِيُبَيِّنَ لَهُمُ الَّذِي يَخْتَلِفُونَ فِيهِ﴾ چەند یٚك مر ۆڤ جیاوازی و ڕاجوداییان تیا درو ست ئەبێت لە مە سەلە زان ستی و مافەكان و داواكان و شتا نی تر، بە ڵكو خە ڵكی لە كارێ كی گەورە تر لەوانەش جیاوازیان تێ كەوتووە ئەو یش كە پەروەردگارو خاوەنەكەیا نە عزو جل، هەیا نە بەرد ئەپەر ستێ و ئەڵێ: ئە مە خوا مە، هەیە خوای تاك و تەنها بە هەق ئەپەرستێت و بە خوای خۆی ئەزانێت، هەیە سێ خوا ئەپەرستێ، هەشە چەندەها خوا ئەپەرستێ.

هەموو ئەم جیاوازیانەی كە لە واقعدا لە نێوان مرۆڤەكاندا بونیان هـ یە، هەروە ها بو نی ستەمكارو ستەملێكراو، لە ڕێدەرچووەیەكی خۆبەزلزانی بە دەسەڵات كە تەمەنی دوورو درێژی خۆی لە دژایەتی خوای پەروەردگاردا بە سەر ئەبات، لە گەڵ ئەوەشدا لەوپەڕی هێزو خۆشیدایە، ستەم ئەكات لە بەندەكانی خوا، دە ست ئەخا تە سەرو ماڵیانەوە، هەرچیەك حەزی لێ بكات و بیەو ێت و مەبە ستی بێت ئەیكات و ئەو جا ئیتر پاشان ئەمرێت، هەشە لە بەندە ڕاستگۆو نزیكەكانی خوای گەورە كە بە چەندەها شێوەو جۆر و ئازار و ئەشكەنجە تاقی دەكرێتەوە ئەوكات ئەمرێت.

ئەمانەو شتا نی تری زۆر یش بەڵگەی دڵنیابە خش و بڕەرن لە سەر بوو نی ژیان و زیندەگیە کی دیکە کە مرۆڤ تیایدا ستەمی لێ نەکرێت و هەر کەس بە پێی خۆی مافی خۆی بدرێتێ.



پاك وبێگەرد ڕاگرتنی خوا بۆ زاتی خۆی سبحانەوتعالی

دانەر ڕەحمەتی خوای لێبێ ئەفەرموێت:

ولا يقبل الله من الأولين والآخرين ديناً يدينون به؛ إلا أن يكون موافقاً لدينه الذي شرعه على ألسنة رسله عليهم السلام وقد نزه الله تعالى نفسه عما يصفه العباد، إلا ما وصفه به المرسلون بقوله سبحانه: ﴿سُبْحَانَ رَبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ * وَسَلَامٌ عَلَى الْمُرْسَلِينَ * وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ [الصافات: 180-182] فنزه نفسه سبحانه عما يصفه به الكافرون، ثم سلم على المرسلين، لسلامة ما وصفوه به من النقائص والعيوب، ثم حمد نفسه على تفرده بالأوصاف التي يستحق عليها كمال الحمد] إهـ. [وە خوا نە لە ئەوانەی یەکەمجارو نە لەوانەی کۆتاییند یش ئایند ێك وەرناگر ێ کە دیندار ی پێ بکەن؛ تەنها مەگەر موافقی ئەو ئاینە بێت کە لە سەر زمانی پێغەمبەرەکەی داینناوەو بە ڕەوای بینیوە، وە بە ڕا ستی خوا سبحانەوتعالی خ ۆی پاك و دوور گرتووە لەو وە سفانەی بەندەکانی وەسفیان کردووە، تەنها ئەوە وەسفە نەبێت کە پێغەمبەران وەسفیان کردبێ کە دەفەرموێ: {پا کی و بێگەرد ی بۆ پەروەردگارت، پەروەردگاری خاوەن دە سەلات، لەوە ی کە ئەوانە دەیدە نە پاڵ ئەو زا تە بێ هاوەڵ و هاوتا یە * سڵاوو درود یش لە سەر هەموو پێغەمبەران و سەرجەم فر ستادەکانی خوا * سوپاس و ستایشیش بۆ خوا، پەروەردگار هەموو جیهانیان} جا خوای متعال خ ۆی وە دوورو پاك گرت لەو وە سفەی کافران و بێباوەڕان بۆیان داناوە، پاشا ن سەلامی لە نێرراوەکان کرد، ئەو یش لە بەر سەلامەتی و تەواوی ئەو وە سفەی ئەوان خوایا ن پێ وە سفدار کردووە لە هەر چی کەموکوڕی و ناتەواوی و لەکەیەك کە هەیە، پاشان حەمدو پیاهەڵدانی خۆی کرد لە سەر تەنیا بوون و تاك کەوتنی بەو وەسفانەی کە تەواوی حەمدو سوپاسگوزاری شایەنی ئەوەو شیاوو گونجاویەتی] إهـ.

شەرح و ڕاڤەکردن:

خوای متعال دەفەرموێت: ﴿سُبْحَانَ اللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ﴾ {پاك و بێگەردی بۆ خوا لەوەی کە ئەوانە وەسفی ئەکەن و ئەیدە نە پاڵی} لەو قسەیان کە دەڵێن: فریشتەکان مێینەن، وە ئەوان کچا نی خوان، لە نێوان خۆیان و خوادا پشت و نەسەبیان بڕیار داوە، خوای گەورە دەربارەی ئەوانە فەرمووی: ﴿سُبْحَانَ اللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ﴾ پاك و بێگەردی و بەرزی و بڵندی و پیرۆزی بۆ خوای گەورە لەوەی ئەوانە وەسفی ئەکەن.

﴿إِلَّا عِبَادَ اللَّهِ الْمُخْلَصِينَ﴾ تەنها بەندە دڵسۆزەکانی خوا نەبێت وا تە: پاك و بێگەردی بۆ خوا لەو وەسفانەی ئەوان ئەیدە نە پاڵی و با سی ئەکەن و لێی ئەدوێن، تەنها وەسفێك نەبێت کە بەندە دڵسۆزو چاکەکانی خوا وەسفیان پێ کردووە، هەرچیەك لەو وەسفانە هەیە کە جگە لە بەندە دڵسۆزەکانی خوا ئەو زاتەی پێ وە سف ئەکەن و ئەیدە نە پاڵی، ئەوە خوای گەورە لێی بەریەو پاك و بێگەردە لە هەموو ئەو وەسفە ناڕەوایانە، تەنها ئەو بەندانە نەبێت کە لەم سورەتەو لەوانی تریشدا باسیان کراوە ئەوانیش: - نوح و موسا و ئیبڕاهیم- وە پێغەمبەرانی خوا بەگشتی کە بە کۆمەڵە وەسفێکی هەق و شایستە کە شایەن و شایستەی ئەو زاتە بێ وەسفیان کردووە داویانەتە پاڵ زاتی پەروەردگار.

بەڵام ئەوانە پەنا بە خوا فریشتەکان ئەکەنە کچانی خوا، ئینجا ئەشڵێن: باوەڕمان هەیە بە خوا، هەرچی وەسفی ناشایستە هەیە بەو زاتە ئەیدەنە پاڵی و بۆی بڕیار ئەدەن، ئەوە خوای گەورە لە چەند سورەتێکی زۆردا وەڵا می داونەتەوە، لە سورەتی (النحل) دا دەفەرمو ێت: ﴿وَيَجْعَلُونَ لِلَّهِ الْبَنَاتِ سُبْحَانَهُ وَلَهُمْ مَا يَشْتَهُونَ * وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُمْ بِالْأُنْثَى ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ * يَتَوَارَى مِنَ الْقَوْمِ مِنْ سُوءِ مَا بُشِّرَ بِهِ أَيُمْسِكُهُ عَلَى هُونٍ أَمْ يَدُسُّهُ فِي التُّرَابِ أَلَا سَاءَ مَا يَحْكُمُونَ * لِلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ مَثَلُ السَّوْءِ وَلِلَّهِ الْمَثَلُ الْأَعْلَى وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾ [النحل:57-60] {ئەو نەفاما نە کچان دەدە نە پاڵ خوا (گوا یە فریشتەکان کچا نی خوان) پا کی و بێگەردی شایستەی ئەو زاتە یە هیچ پێویستیەکی بە کچ و کوڕ نیە لە کاتێکا بۆ خۆیان حەز بە چی دەکەن ئەوە بۆ خۆیان دا دەنێن * خۆ ئەگەر مژدەی بو نی کچ بدرێت بەو نەفاما نە، ڕووی گرژو تاڵ دەبێت و ڕەش دادەگیرسێت و سینەی پڕ دەبێت لە غەم و پەژارە * لە داخ و خەفەتی ئەو مژدە ناخۆشە خۆی دەشارێتەوە لە خەڵکی و بە تەنها (بیردەکاتەوە): ئایا بیهێڵێتەوە بە زەلیلی و سوکی و بێ نر خی، یاخود زیندە بە چاڵی بکات و بیخا تە تو ێی خاکەوە، ئاگادار بن؟! ئای کە چە ند خرا پە ئەو بڕیارەی کە دەیدەن؟! (وەچەو نەوەی خۆیان زیندە بە چاڵ دەکەن) * سیفەت و ناونیشانی ناشیرین و نزم و خراپ شایستەی ئەوانە یە کە باوەڕ بە قیامەت ناکەن، خوای پەروەردگار یش خاوە نی هەموو سیفاتی بەرزو بڵندو پیرۆزەو ئەو زاتە هەر خۆیشی باڵا دەست و دانایە}.

ئەوانە شتانێك ئەدەنە پاڵی خوای پەروەردگار کە بۆخۆیانی بە ڕەوا نابینن و خۆیانی لێ بەرزتر ئەڕوانن، بەڵام بەندە دڵسۆزەکانی پەروەردگار بە باشترین و چاکترین وەسفێك کە شایەنی ئەو پەروەردگارە بێت وە سفی ئەکەن، جا جگە لە پێغەمبەران و ئەوانەش کە بە شوێنیاندا هاتوون و لە سەر ڕێڕەوی ئەوان هەنگاویان ناوە لە هەڵەو گومڕایی و سەرلێشێواویدان لەو وەسفانەی کە پەروەردگاری پێ وەسف دەکەن و دەیدەنە پاڵی، لێرەدا ئەگەر ورد بینەوە لە حاڵی گەل و نەتەوەو کۆمەڵەکان ئەبینین ئەم ئایەتە پەرچی هەموو ئەو کۆمەڵ و تاقم و کەسانە ئەداتەوە کە لاپەڕ بوون و لایانداوە لە وەسفی ڕاست و دروستی خوای پەروەردگارداو شتانێکیان داوە تە پاڵ خوا سبحانەوتعالی کە شایەن بەو نیەو لێ بەر یە، بەوەش لە ڕڕێگەی ڕاست لایانداوەو ملیان بەرەو هەڵدێر ناوە، جولەکەکان وتیان: دەستی خوا نوقاوە! (واتە چرو کە) پەنا بە خوا، وە لە تەورا تە شێواو گۆڕاوەکەیاندا ئەڵێن: خوا تا بەیانی ململانێی و زۆرانبازی لە گەڵ یەعقوبدا کرد پەنا بە خوا! وە وتیان: عوزەیر کوڕی خوایە-تعالی اللە عن ذلك-.

وە خوا بانترو بڵند و پاك و بێگەرد و بە دووڕە لە قسەی نەسرانیەکان کە دەڵێن: عیسا کوڕی خوا یە، وە ئەو سێیەمی سێیەمانە، وە بان و بڵندو پاك و بێگەردە لە قسەی هاوبەش بڕیاردەرە عەرەبەکان کە ئەیانوت: فریشتەکان کچانی خوان.

وە خوای گەورە بان و بڵندو پاك و بێگەرد و دووڕە لە قسەی نەتەوەکانی وەك تەتارو مەغۆل و یابانیەکان و هاووێنەکانیان کە ئە ڵێن: خوای تبارك وتعالی ژن و مێردایە تی لە گەڵ ڕۆژدا کردووە، ئیتر ئەو پاشاو دەسەڵاتدارو کاربەدەستانە لەڕۆژ لە دایك بوون، هەر بۆیەشە کە ئەیانپەرستن چونکە بە نەوەی ڕۆژیان دەزانن.

وە خوای متعال بڵندو بانترو پاك و بێگەردو بە دووڕە لەوەی شیوعی و کۆمونیستەکان دەیڵێن کە: هیچ خوایەك نیە، یان هەواو بۆشایی بونەوەرە هەروەك خاوەن تێورەکانی هەواو ئەسیر دەیڵێن.

خوای گەورە بان و بڵندو پاك و بێگەرترە لەوەی کە ببێتە ژیری تەواوالعقل الكلی-وەك ئەفلاتون و ئەرستۆ دەڵێن: ئەو ژیریە تەواوە دەژیری تری درو ست کرد تا کو کارەکانی بونەوەر ڕێك و پێك بکەن و ئیتر لە پاشاندا پاڵی لێ دایەوەو هیچ تری نەکرد و کاروباری جیهانی دایە دەستی ئەوان.

خوای تعالی بان و بڵندو پاك و بێگەرد و بە دووڕە لەوەی کە ڕافزیەکان کە دەڵێن: خوا کارو باری ئاسمانەکان و زەوی داوە تە دە ست دوازدە ئیمامەکەو هەرچیەکیان ئەو ێت و مەبەستیانە ئەیکەن و ئەنجامی ئەدەن، بەمەش هاوشێوەی قسەی جولەکەکەیان کردووە کە دەڵێن: خوا ئاسمانەکان و زەوی لە شەش ڕۆژدا دروست کردو ئەوجا لەڕۆژی حەوتەمدا پشووی دا، خوا سبحانەوتعالی بۆ پەرچدانەوەی ئەوانە دەفەرمو ێت: ﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ وَمَا مَسَّنَا مِنْ لُغُوبٍ﴾ [ق:38] {به

ڕاستی ئێمە ئاسمانەکان و زەوی و هەرچیەك وا لە نێوانیشیاندایە لە شەش ڕۆژدا دروستمان کردووەو هیچ ماندوبونێکیش نەیگرتووین و ڕزوی تێ نەکردین }

وە خوا بڵندو بانترو پاك و بێگەرد و بە دووری لەوەی کە موعتەزیلەکان ئەیڵێن کە: خوا زانا یە بە بێ زانست، بە توانا یە بە بێ توانا، بە عیزەت و دە سەڵاتە بە بێ دە سەڵات، هەتا کۆتا یی ئەو قسەو بوختانانەی کە بۆ خوای گەورەیان هەڵبەستووە.

وە خوا بڵندو بانترو پاك و بێگەردو بە دووری لەوەی کە حلولیەکان ئەیڵێن کە: خوا لە گەڵ هەموو شتێکدا تێکەڵەو لە هەموو شوێنێکدایە، تەنانەت لە شوێنە پیس و پۆخڵەواتەکانیشدا، پەنا بە خوا.

وە خوا بڵندو بانترو پاك و بێگەرد و بە دووری لەوەی کە ئەشعەریەکان ئەیڵێن کە: خوای گەورە لە سەرو ئاسمانەکانەوە نیەو بە سەر تەختی فەرمانڕەوایی خۆیەوە (العرش) نیە.

ئا بەو شێوە یە ئەبینین کەخوا سبحانەوتعالی کاتێك لەم ئایەتەدا کە دەفەرموێت: ﴿سُبْحَانَ اللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ * إِلَّا عِبَادَ اللَّهِ الْمُخْلَصِينَ﴾ [الصافات:159-160] { پاك و بێگەردی بۆ خوای گەورە لەو وەسفانەی کە ئەدرێتە پاڵی، تەنها (ئەو وەسفانە نەبێت) کە بەندە دڵسۆزەکانی بۆیان بڕیار داوە } خوای گەورە خۆی بە دوور خستووە لە هەموو ئەو وەسفانەی کە گشت گەل و نەتەوەو کۆمەڵ و تاقمە گومڕاکان بێ زانیاری داویانەتە پاڵی، تەنها ئەو وەسفانە نەبێت کە بەندە دڵسۆزو چاکەکانی خۆی داویانە پاڵی و بە شایەنی خوای گەورەیان زانیوە: (إِلَّا عِبَادَ اللَّهِ الْمُخْلَصِينَ) ئەوانیش کە پێغەمبەرا نن بە خاوەن پەیام و بێ پەیامەوە (الأنبياء و الرسل)، هەروەها پێغەمبەرو هاوەڵەکانی، وە ئەهلی سوننەت و جەماعەت، ئەوانەش کە بە چاکە شوێنیان کەوتن، ئەوانەن کە وەسفی خوای گەورە ئەکەن بە سوپاس و ستایش و ناوە پیرۆزەکانی و سیفاتە بەرزەکانی، ئەوەی کە خوا بۆ خۆی بڕیاری داوێ و جێگیری کرد بێ ئەوانیش بۆی بڕیار ئەدەن و جێگیری ئەکەن.

جا ئەم کۆمەڵە- کۆمەڵی دەربازبووی سەرکەوتوو- (الفرقة الناجية المنصورة) تەنها هەر ئەوان جیاکراوانەتەوە و هاڵوێراوون؛ چونکە ئەزانن کە خوای گەورە نموونەی هەرە بەرزو بڵندی هەیە لە ئاسمانەکان و زەویدا، وە ئەو زاتە: ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ﴾ [الشورى:11].{ هیچ شتێك هاوێنەی ئەو نیەو ئەویش بیسەرو بینایە }.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێبێ دەفەرموێت: [فنزه نفسه سبحانه عما يصفه به الكافرون، ثُمَّ سلم عَلَى المرسلين، لسلامة ما وصفوه به من النقائص والعيوب]. [جا خوای متعال خۆی وە دوورو پاك گرت لەو وە سفەی کافران و بێباوەڕان بۆیان داناوە، پاشان سەلامی لە پێغەمبەران کرد، ئەویش لە بەر سەلامەتی و تەواوی ئەو وە سفەی ئەوان خوایان پێ وە سفدار کردووە لە هەر چی کەموکوڕی و ناتەواوی و لەکەیەك کە هەیە، پاشان حەمدو پیاهەڵدانی خۆی کرد لە سەر تەنیا بوون و تاك کەوتنی بەو وە سفانەی کە تەواوی حەمدو سوپاسگوزاری شایەنی ئەوەو شیاوو گونجاویەتی].

وتەکەی کە دەڵێ: [من النقائص والعيوب: لە کەموکوڕی و ناتەواوی و لەکەداری] وشەی " من " ئەگەرێتەوە بۆ وشەی" سلامة " ، واتە: لە باشی و بێ خەو شی ئەو قسانەی وتوویا نە لە وە سفی خوای گەورەدا لەوەی کە هەموو ناتەواویەك و کەموکوڕیەکیان لێ بە دوور گرتووە، مانای قسەکانیان لە هەق و ما فی خوادا سەلامەت و بێ لەکەیە لە هەموو ناتەواوی و لەکەو کەموکوڕیەك، نەك بە مانای ئەوە بێت: بەوەی کە وەسفیان کردووە لە کەم و کوڕی و ناتەواوی.

ئینجا خوای گەورە ستایشی خۆی ئەکات بەوەی کە بە تەنها ئە زاتە ما فی ئەو وە سفانەی هەیە کە لە سەری بە تەواوی ستایش بکرێن و ئەفەرموێت: ﴿وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ [الصافات:182] { سوپاس و ستایش بۆ خوا پەروەردگاری هەموو جیهانان } هەر ئەو زاتە ما فی ئەوەی هەیە کە تەواوی سوپاس و ستایشی بۆ بکرێت، وە وشەی (الحمد) وشەیەکی گشتگیرەو هەموو جۆرەکانی سوپاسگوزاری لە خۆ ئەگرێت؛

چونکه (ال) لێرەدا بۆ (إستغراق)ە واتە هەرچی سوپاس و پێزانین و پیاهەڵدان هەیە هەمووی شایەنی بەرزی و بڵندی ئەو زاتەیە سبحانەوتعالی، وە تەنها هەر ئەو زاتە بە تەنها مافی ئەو هەموو وەسفانەی هەیە.



گرنگی چاوڕۆشنی لە بانگەوازدا بۆ لای خوا

دانەر ڕەحمەتی خوای لێبێ دەفەرموێت:

ومضى عَلى ما كَانَ عليه الرَّسُول صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خير القرون، وهم الصحابة والتابعون لهم بإحسان، يوصي به الأول الآخر ويقتدي فيه اللاحق بالسابق، وهم في ذلك كله بنبيهم مُحَمَّد صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم مقتدون، وعلى منهاجه سالكون، كما قال تَعَالى في كتابه العزيز: ﴿قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي﴾ [يوسف: 108]، فإن كَانَ قوله ﴿أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي﴾ معطوفاً عَلَى الضمير في "أدعو" فهو دليل عَلَى أن أتباعه هم الدعاة إِلى الله وإن كَانَ معطوفاً عَلَى الضمير المنفصل فهو صريح أن أتباعه هم أهل البصيرة فيما جَاءَ به دون غيرهم، وكلا المعنيين حق] إهـ.[وە بە سەر ئەوەی لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لە سەری بوو باشترین و چاکترینی سەدەیەك رابورد، ئەوانیش کە هاوەڵەکان و ئەوانە بوون کە بە چاکەوە شوێنکەوتەیان بوون، یەکەم پاسپێری بۆ ئەوەی دوای خۆی دەکرد و پێگەیشتوو پێشخۆی دەکردە پێشەنگ و لێی وەردەگرت، وە ئەمانەش هەموویان لەمەدا پێشەنگی و پەیڕەویان لە پێغەمبەرەکەیان دەکرد صلى الله عليه وسلم، وە لە سەر پەیڕەوی دەڕۆشتن و هەنگاویان دەنا، وەك خوای تعالی لە پەڕاوە پیرۆزەکەیدا دەفەرموێت: {بڵێ ئوکو ڕێگەو ڕێبازمە: من و شوێنکەوتوانم بانگ دەکەین بۆ لای خوای پەروەردگار} جا ئەگەر فەرمودەی ﴿أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي﴾ {من و شوێنەکەوتوانم} بادرابێتەوە سەر ڕاناوەکەی کە لە "أدعو" دایە، ئەوە بەڵگە یە لە سەر ئەوەی کە هەر شوێنکەوتوانی بانگخوازانی ڕێگەی خوان، وە ئەگەریش بادرابێتەوە بۆ لای ڕاناوی لێك جیا (منفصل) ئەو ڕوون و ڕاشکاوە لەوەی کە شوێنکەوتوانی خاوەن بەرچاو ڕۆشنین لەوەی کە پێی هاتووەو جگە لەوان کەسی دیکە بەرچاو ڕۆشن نیەو لە سەر ڕاستی نیە، وە هەردوو ماناکەش هەق و راستن]إهـ.

شەرح و ڕاڤەکردن:

دانەر ڕەحمەتی خوای لێبێ دەفەرموێ: لە سەر ئەم بیرو باوەڕە ڕاست و دروستەبەرامبەر بە خوای گەورە سبحانەوتعالی-پێغەمبەرو هاوەڵەکانی خوالێبیان ڕازیبێ بەردەوام بوون، وەك خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي وَسُبْحَانَ اللَّهِ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾ [یوسف:108] {بڵێ: ئا ئەمە ڕێگەو ڕێبازمە: من و شوێنکەوتوانم بانگ دەکەین بۆ لای خوای پەروەردگار لە سەر بنچینەو بناغەیەکی ڕوون و ئاشکرا، پاکی و بێگەردیش بۆ زاتی پەروەردگارە، من هیچ کاتێك لە موشریك وهاوەڵگەران نیم} جا دانەر ڕەحمەتی خوای لێبێ لەم ئایەتەدا دوو مانا ئەخاتە ڕوو بە پێی وەستان لە سەر ئایەتەکە.

ئەگەر وتمان: ﴿قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ﴾ وەستاین لە سەری و ئەوجا وتمان: ﴿عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي﴾ ئەمە مانایەکی هەیە، واتە: من و ئەوانەش کە شوێنم کەوتوون لە سەر ڕۆشنایی و بناغەیەکی ڕوونین، وە کەسانی تری جگە لە ئێمە ئەو بناغە ڕۆشنەیان نیە، کەواتە ماناکەی بەم شێوەیەی لێ دێ: پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمانی پێ دراوە کە بڵێ: ﴿قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ﴾ ئەوجا هەواڵ ئەدات و ئەفەرمو ێت: ﴿عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي﴾ وا تە: تا کە کە سێك کە لە سەر ڕۆشنا یی و بناغەیە کی ڕوون با نگ بکات بۆ لای خوا تەنها ئێمە ین، چونکە پەیڕەوو پڕۆگرامەکەمان هەق و ڕا ستە، بەڵام کەسانی تری جگە لە ئێمە ئەوە لە سەر گومڕایی و سەر لێشێواوین.

وە ئەگەر وتمان: قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي﴾ وا تە بە بێ وە ستان، ئەوە مانایە کی تر ئەبەخ شێت، وا تە: من و ئەوانەی کە لە گەڵمدان و شوێ نم کەوتوون لە سەر ڕۆشنا یی و بناغەیە کی ڕوون و ئاشکرا با نگ ئەکە ین بۆ لای خوا نەك لە سەر نەفا می و بێ ئاگا یی، وە هەردوو ماناکەش بەڵگەو دەلالەتی ڕۆشنی خۆی ئەدا بە دەستەوە.

هەرچەندە مانای دووەم دیارترو بەرچاوترە و ئەو زیا تر لە پێشترە، چونکە مانای: ﴿قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي﴾ وا تە: من و شو ێن کەوتووە ئیماندارەکا نم لە سەر ڕۆشنا یی و بناغەیەکی ڕوون با نگ ئەکەین بۆ لای خوا، وە کەسانی تری جگە لە ئێمە با نگ ئەکەن بۆ لای خوا، بەڵام لە سەر ڕۆشنا یی و بناغەیە کی ڕوون نین، چونکە شارەزاو گەورەکا نی جولەکەو نە سرانیەکانیش با نگ ئەکەن بۆ لای خوا-بە گوما نی خۆیان-، بەڵام لە سەر ڕۆشنا یی و بەڵگەی ڕوون و ئاشکرا نین، بەڵکو با نگ ئەکە نە لای گومڕا یی سەر لێشێواوی و هاوەڵگیری بۆ خوای پەروەردگار، کەنیسە چە ند مااڵ و سامان بە فیڕۆ ئەدات و هەوڵ و کۆشش ئەکات لە پێناو با نگ کردن بۆ ئاینەکەیان، بەڵام لە سەر بناغەیەکی لێڵ و شیرك وهاوەڵگیریە بۆ خوای گەورەو جگە لە تیاچوون و گومڕایی نەبێت هیچ دەرەنجامێکی دیکەی نیە.